# خێرا بن! خوێندنی زمانی نۆرویژی و دەرسی کۆمەڵایەتی بە بەلاش

## مافی خوێندنی زمانی نۆرویژی و دەرسی کۆمەڵایەتی بە بەلاش

مافی نیشتەجێ بوونت لە وڵاتی نۆرویژ مافی خوێندنی بەلاش بە کۆی 600 کاتژمێرت پێدەبەخشی لە

- زمانی نۆرویژی ( 550 کاتژمێر)، و
- دەرسی کۆمەڵایەتی (50 کاتژمێر)

خوێندنی زمان تاکوو سێ ساڵان بەلاشە

- لەو کاتەوە کە مافی نیشتەجێ بوونت (ئیقامەت) پێبەخشراوە، یا
- لەو کاتەوە کە بە مافی نیشتەجێ بوونەوە (ئیقامەت) هاتوویە وڵاتی نۆرویژ

ئاگاداری! ئەگەر لە ماوەیەی ئەو سێ ساڵەدا دەستت بە خوێندنی زمان نەکردووە یان خوود تەواوت نەکردبێ، ئەبێ خۆت پارەی خوێندن بدەی.

## ئـەرکی بەشدار بوون لە خوێندنی زمانی نۆرویژی و دەرسی کۆمەڵایەتی

تۆ ئەرکی ئەمەت لە سەر شانە کە 600 کاتژمێر خوێندنی زمانی نۆرویژی و دەرسی کۆمەڵایەتیەکە تەواو بکەی بۆ ئەوەی ئیزنت پێبدرێ داواکاری پێشکێش بکەی بە مەبەستی

- مافی نیشتەجێ بوونی دائیم، یان
- مافی هاووڵایەتی

ئەگەر لە کاتی داواکاریدا تەمەنت 55 ساڵ یان زۆرتر بێ، ئەم ئەرکەت لە سەر شان لادەچێ.

دەتوانی داوا بکەی لەم خوێندنە بێبـــەری بی، ئەگەر

- دەتوانی بە بەڵگە بیسەلمێنی کە زانیاری تەواوت لە سەر زمانی نۆرویژی یان زمانی سامی هەیە، یان
- هۆکاری تایبەتی لەشساغی یان هەلومەرجێکی زۆر ئاستەمی تایبەت لە ئارا دابێت

## زانـــیاری کردەوە

تۆ ئەبێ خۆت بۆ داواکاری خوێندن یان ئەگەر ئارەزووی بێبەری بوون لە خوێندن هەیە، پێوەندی بە فەرمانگەی گشتی تۆمار کردنی دانیشتوان (folkeregistrert) لەو پارێزگایەی کە لێی دەژی بگری. بۆ پرسی زیاتر لەم بابەتە یان وەرگرتنی زانیاری زۆرتر سەبارەت بە مۆڵەتی یاسایی و مافەکان, پێوەندی بە قووتابخانەی خوێندنی گەورەساڵان (voksenopplæring) بگرە.

هەروەتر بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ئەم هێڵە ئینترنێتانە: www.mdi.no وە www.udi.no.